# پێکدادانی (ئیسلام و مەسیحییەت) لە هزری مارتن لۆتەر لە سەدەی(XVI)

**ID No.3990**

(PP 92 - 107)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.4.6

**نەهرۆ ئیسماعیل محمد**

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Nahro.muhammad@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2021/03/09**

**پەسندکردن : 2021/05/10**

**بڵاوکردنەوە : 2021/08/15**

**پوختە**

پێکدادان و لۆژیکی ململانێ و جەنگ لە زۆربەی کاتدا لۆژیکی باوی نێو جیهانی رۆژئاوا بووە، ئەو ئاراستە فیکریانەن بە درێژی سەدەکان بوونیان هەبووە هەڵگیسێنەری ململانێ و جەنگەکان بوونە، بەیەکدادانی ئایینەکان لە سەربنەمای کێبڕکێی ئابووری نەتەوەکان بووە، لۆتەر پێیوا بوو شارستانییەتی ئیسلامی ئاڵنگاری جیهانی مەسیحییەت دەکەن، چونکە چەندین خاڵی ناکۆکی سەرەکییان لە نێواندایە لە رووی زمان و کەلتوور لە پێش هەمووشیان ئایین. ئەو ئاڵنگاریە لە کاتێکدا پەیدابوو لۆتەر دەیویست جیهانی مەسیحییەت لە هەموو ئەو بۆچوونە ئایینیانە پاك بکاتەوە کە لەگەڵ ڕەوتی ریفۆرمەکەی ناگونجێت، هەرچەندە توانی گۆڕانێکی سەرتاسەری بخوڵقێت و بنەما باو و لاساییەکانی مەسیحییەت لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵتەکێنێت، تێراونینێکی ئایینی نوێ و جیا لەوانەی پێشوو بخاتە ڕوو، بەڵام خۆشی بەدوور نەگرت لە دژایەتیکردنی ئایینەکانی دیکەی لەوانە جوولەکە و ئیسلام.

لۆتەر لە سەروبەندی چاکسازییەکانیدا بوو تورکەکان وەکو هێزێکی ئیسلامی نوێی سەدەی شازدەهەم بوونە مەترسییەکی گەورە لەسەر رۆژئاوا و ریفۆرمەکەی، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لەسەر بیرو و کردوەکانی، لۆتەر ئیسلامی بە تێکدەری رۆژئاوا و جیهانی مەسحییەت داناوە، چونکە ئیسلام لەجیاتی نەتەوە، ئایین دەکاتە ناسنامە و جیاوازییەکان تونتر دەکات. پەیوەندییەکانی ئیسلام و رۆژئاوا لە دراوسێیەتی جوگرافی بە درێژیی دەریای سپی ناوەڕاست لە کاتی شەڕی خاچدروشمەکان و دواتر جەنگەکانی مەغریب و ئەندەلووس تا کشانی عوسمانی بۆ رۆژئاوا بۆ چەندین سەدە شەڕ و ئاژاوە بووە، هەر لەو روانگەیەوە هەوڵی داوە بیروباوەڕی ئایینی تورکەکان لە بەرامبەر مەسیحییەت شی بکاتەوە، نەتەوەی ئەلمانیا و جیهانی مەسیحییەت لە مەترسیی ئەو بیروباوەڕی کە لۆتەر پێی دەڵێت(محەمەدی) ئاگادار بکاتەوە.

**وشە گرنگەکان:** لۆتەر، ئیسلام، قورئان، مەسیحییەت، شەڕ، جیاوازی.

## پێشەکی

گرنگی توێژینەوەکە: توێژینەوە لەسەر مارتن لۆتەر و ئیسلام گرنگی خۆی هەیە، چونکە تاوەکو ئێستا جگە لە سەرچاوە ئەوروپییەکان چەندین توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و کوردی لەسەر مارتن لۆتەر کراوە هیچیان ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە بەشێك لە نووسین و بەرهەمەکانی گرنگی بە ئیسلام داوە، کە ئیسلام سەرچاوەی سەرەکیی بەشێك لە ترس و دوو دڵیەکانی بووە، جگە لەوەی بەشێکی زۆر لە سەرچاوە عەرەبییەکان ئاماژە بەوە دەکەن لۆتەر قورئانی نەخوێندۆتەوە، شارەزای ئیسلام نەبووە، بەڵکو پێچەوانە هەوڵی داوە قورئان لە زمانی لاتینی وەرگێرێتە سەر زمانی ئەلمانی، چەندین ڕەخنە و تێبینی لەسەر ئیسلام و قورئان نووسیوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە** :

بۆ ئەم توێژینەوەیە سوود لە چەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆ وەرگیراوە، زیاتریش هەوڵ دراوە سوود لە سەرچاوە ئەوروپییەکان وەربگریت، ئەو سەرچاوانەی تاوەکو ئێستا وەرنەگێردراون، بەتایبەتی زمانی رووسی و ئینگلیزی لەگەڵ هەندێك دەقی ئەڵمانی کە لە سەرچاوە ئینگلیزیەکان وەرگیراوە، لەوانە بەزمانی ئینگلیزی کتێبەکەی (Adam S. Francisco) بەناونیشانی( Martin Luther and Islam A

بەزمانی ئینگلیزی (Roland h. Bainton)كتێبەكەی(Study in Sixteenth-Century Polemics and Apologetics)، هەروەها بەناونیشانی(Here I Stand: A Life of Martin Luther) وە كتێبەكەی(Л. С. Никифорова)بەزمانی رووسی بەناونیشانی( История немецкой реформации) هەروەها (محمد ابو خطب خالد) كتێبەكەی بەناونیشانی( مارتن لوثر والاسلام) نووسەر شارەزایەكی باشی لە زمانی ئەلمانی هەیە، بەشێك لە كتێبەكەی بەزمانی ئەلمانی نووسیوە، هەندێك لە دەقەكانی بە زمانی ئەلمانیا داناوە، بەندەش هەوڵی داوە بەشێك لەو دەقە ئەلمانیانە وەكو خۆی بە وەرگێرانی كوردی دابنێت.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو تەوەرە پێكدێت، تەوەرەی یەكەم باس لە پەیوەندی نێوان شارستانییەتی ئیسلام بە رۆژئاوا دەكەین، لە تەوەرەی دووەم باس لە ململانێی نێوان مەسیحییەت و ئیسلام دەكەین لە ڕوانگەی لۆتەرەوە.

**دەروازە:**

**ژیانی مارتن لۆتەر**

مارتن هانس لۆتەر (یان لۆدیر) راهیبێكی ئایینی و بیرمەند و نووسەرێكی مەسیحی بوو، لە( 10 نۆڤەمبەری ساڵی 1483ز) لە(ئایزلبین) لە هەرێمی سەكسۆنیا لە دایك و باوكێكی جووتیاری ئەلمانی لە دایك بووە، هەروەكو خۆی دەڵێت(من كوڕی جووتیارێكم باوك و باپیرم جووتیار بوونە..)(Мережковский Д.С, 1999, С18) ، لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە لە قوتابخانەی (مانسفێلد) دەستی بە خوێندن كردووە، زۆربەی تەمەنی بە هەژاری و نەداری بەرێ كردووە تەنانەت بۆ پەیداكردنی بژێوی ژیانی لەسەر شەقامەكان گۆرانی وتووە، مارتن هەر لەمنداڵیەوە تا تەمەنی( ٣٠)ساڵیش خاوەن كەسایەتییەكی شەرمنی بێ ئیرادە بوو، سەرباری ئەوەی بەشدار نەبووە لە هیچ تاوانێكدا، كەچی بەردەوام خۆی وەک تاوانبارێكی گەورە تەماشا كردووە. هەر ئەمەش هۆكاربوو تا كۆتاییەكانی تەمەنی بەدەست گرێ و شڵەژان و نەخۆشی دەروونییەوە ژیانی ئاڵۆزبێت، سەرباری ئەوەی دەیان جار ڕێوڕەسمی پاكبوونەوەی لە تاوانەكانی لە كڵێسا بۆ ڕێكخراوە، كەچی لە ناخەوە زەلیلی هەستە خراپەكانی بووە و بەردەوامیش لەژێر پاڵەپەستۆی ئەو هەستی خۆ بە تاوانبار زانینەدا ناڵاندوویەتی. لۆتەر سەرجەم دروشم و ئەركە ئایینیەكانی بە باشی پیادە دەكرد، بەڵام بەردەوام گومانی هەبوو لەوەی ڕەزامەندی خودای بەدەستهێنابێ، لەم بارەیەوە دەڵێت( ئەگەر هاتبا قەشە بە قەشاتیەكەی خۆی لێخۆشبوونی بەدەستهێنابا من دەمێك بوو بەدەستم هێنابوو)(Roland H. Bainton, 1980, p8 ) ئەو گومان و دوو دڵیەی زۆرجار كاریگەری هەبوو لەسەر بڕیارەكانی

لە ساڵی( ١٥٠١ ) چۆتە زانكۆی ئارفۆڕت و توانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری ئەدەبدا بەدەست بهێنێت، ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە پێشخستنی زمان و ئەدەبی ئەلمانی، پاشان دەست دەكات بە خوێندن لە بواری یاسا، بەڵام لە ناكاو وازی لێهێنا( .Никифорова Л С., 2015, С4). ئەو لە بارەی خۆیەوە دەڵێت ( لە ساڵی (١٥٠٥)دا باوكم هانی دام لە زانكۆی ئارفۆڕتەوە ڕوو لە كڵێساكان بكەم، لە ساڵی( ١٥٠٧)دا بە فەرمی بوومە قەشە، هەروەها لە ساڵی(١٥٠٨)دا بووە مامۆستای (تیۆلۆجیا)، دەستی كرد بە گووتنەوەی وانەی فەلسەفە لە زانكۆی "ڤێتنبێرگ"، مارتن كتێبی "ئەخلاق تا نیكوماخس"ی ئەرستۆی ڕاڤە كردووە، هەروەها بەردەوام بووە تا ساڵانی ١٥٠٨ و ١٥٠٩.(O. R. Elton, 1990, P70 )، پاشان لە ساڵی(1511ز) سەردانی رۆما كرد چاوی بە ژیانی پیاوانی ئایینی و پاپا كەوت، سەیری پێهاتووە چۆن پیاوانی ئایینی دوور كەوتونەتەوە لە بنەماكانی مەسیحییەتی ڕاستەقینە، لە ساڵی(1517ز) دەستی كرد بە ڕەخنەگرتن لە پسولەی لێخۆشبوون و هەنگاوەكانی ریفۆرمخوازی دژ بە پاپای رۆما دەسپێ كرد(Никифорова Л. С., 2015, С7).

لە ئەنجامدا توانی ڕابەڕایەتی كودەتایەكی گەورەی ئایینی بكات، لە ڕێگەی ڕابەرایەتی ئەو ڕیفۆرمە ئاینییەوە گۆڕانێكی فرە ڕەهەندی جۆراوجۆر لە بوارەكانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ئەوروپا بەرپا كرد ,Б. Д. Порозовская ) (2015, С10، لۆتر هێرشی كردە سەر ئەو بۆچوونانەی كە كڵێسا و (پاپا) لە توانایدا هەیە بڕوانامەی لێخۆشبوون بۆ گوناهەكانی مرۆڤ دەربكات بەرامبەر بەخشینی سامان و موڵک بۆ كڵێسا، ئەم بڕوانامەیەش ناسرابوو بە (پسولەی لێخۆش بوون)، لە ڕێگای ئەو(95 تێزەی لە رۆژی 1517/10/31ز) كڵێسای وەتنبەرگ بە زمانی لاتینی هەڵواسی ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە دەسەڵاتی پاپا گرت، هەروەها ڕایگەیاند كە كتێبی پیرۆز سەرچاوەی سەرەكی ئایینی مەسیحییەتە داواشی كرد پیاوانی كڵێسا دەبێ بكەونە ژێر دەسەڵاتی مەدەنی، دواتر بەندەكانی وەرگێردرانە سەر زمانی ئەڵمانی و دەنگدانەوەیەكی گەورەی دروستكرد لە ناوچەكانی ئەڵمانیا، بەشێكی زۆر لە میرەكانی

ئەلمانیا ئەو ڕێبازە نوێیەیان قبوڵکرد، ئارەزووی میرەکان بۆ سەربەخۆبوون و حەزکردنی ئەوان بۆ دەستگرتن بەسەر زەوی و موڵکی کڵێسا هۆکارێکی کاریگەر بوو بۆ پەسەنکردنی لۆتەریزم(Савинов Р.В. 2018,С195).

لەلایەکی دیکەوە عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی سوڵتان سلێمانی قانونی[1]، کە پێشڕەویان کردبوو گەیشتبوونە (مەجەر)[2] ئەمەش وایکرد سەرکردایەتیکردنی لۆتەر بۆ ئەمر بزافە لا ئاسان بێت (Ихсаноглу , том I, 2006, С10 ). چونکە نزیك بونەوەی عوسمانییەکان لە ئەوروپا وای لە لۆتەر کرد لە ڕێگەی یەکخستنی میرەکانی ئەلمانیا ئامادەکاری بکات بۆ پارێزگار لە مەترسیی عوسمانییەکان، هەروەها سەرقاڵبوونی ئیمپراتۆری پیرۆز بە جەنگەکانی لەگەڵ عوسمانییەکان ئەوکات عوسمانییەکان گەورەترین مەترسیی و هێز بوون بۆ سەر رۆژئاوا، هۆکارێکی دیکەی قبوڵکردنی لۆتەریزم بوو لەلایەن میرکانەوە.

هەندێك لە مێژوونووسان سەرکەوتنی چاکسازییە ئایینیەکەی مارتن لۆتەر بە ئیسلامەوە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێنەوە بۆ پاڵنەر و مەترسیی کشانی تورکەکان بۆ ئەوروپا(Marcus Meer, 2013, p14)، چونکە لۆتەر لە کاتی پارێزگاریکردن لە نەوەت و پێنج تێزەکە ئەوەی نیشان دا (..خودا تورکەکانی(یان محەمەدیەکانی) ناردوە بۆ ئەوەی توڕەبوونی خۆی نیشانی مەسیحییەکان بدات، هەروەکو چۆن خودا شەڕ و بومەلەرزە و لافاو دەنێرێت، جگە لە مەسیحی کەسی دیکە نازانن لە توڕە بوونی خودا.... )( Мартин Лютер, 95 тезисов.С9). وادیارە لۆتەر هێرشی عوسمانییەکانی بە ئافاتێك داناوە بۆ سەر جیهانی مەسیحییەت، بۆ ئەوە مەسیحییەکان لە تاوانەکانیان ئاگادار بکاتەوە.

**1 : پەیوەندیی نێوان شارستانییەتی ئیسلام و ڕۆژئاوا**

**1-1 . پەیوەندیی نێوان عوسمانییەکان و ڕۆژئاوا:**

مێژووی پەیوەندی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە هێرشی دژی بە موسڵمانەکان لە خاکی پیرۆز(فەلەستین) دەستپێکردەوە، شەڕی خاچپەرستەکان لە بنەڕەت بە ڕێنوێنی گەریدە و پاپا و قەشەکان سەری هەڵدا، پەیوەندییان بە ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی شەڕی خاچپەرستیەوە لە ساڵی(1096ز) دەستی پێکرد، ئامانجیان ئازادکردنی وڵاتی پیرۆز بوو، بەهۆی ناکۆکی نێوان موسڵمانەکان، توانیان کۆمەڵێك سەرکەوتنی چاوەڕوان نەکراو بەدەست بهێنن و شاری (ئۆرشەلیم) داگیر بکەن، بەڵام دواتر موسڵمانەکان بە ئاگاهاتنەوە لە ڕەوتی دوو سەدەی دوایی توانیان ئەوروپییەکان لە خاکی پیرۆز دەربکەن، لە(ئەکرا[3]) دوا بنکەی بە هێزی ئەوروپییەکان لەناو ببەن(عمران، 200، ص289).

سەرەڕای ئەو کوشتارە زۆرەی لە شەڕەکانی نێوانیان ڕوویدا، بەڵام زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵگا زۆر بە سوود بوو، چونکە یەکەمجار بوو ئەوروپای ڕۆژئاوا خۆی لە بەرامبەر شارستانییەتێکی پێشکەتوودا بینیەوە، ئەویش شارستانییەتی ئیسلام بوو، شەڕەکەرە خۆبەزلزانەکانی ڕۆژئاوا هەندێك دابەزین و خۆیان لەگەڵ تەکنیکی جەنگی نوێ ڕێکخست کێشیان بەرەو کەلوپەلی بازرگانی زیاد کرد، زانایانی ڕۆژئاوا بەسەر بۆچوونەکانی ڕابردوویان چوونەوە، ئەو کتێبە زانستی و فەلسەفیانەی لە وڵاتانی ئیسلامی وەرگێردرابوون لە

[1] **سوڵتان سلێمانی یەکەم کوڕی سولتان (سەلیمی یەکەم)ە**، خاوەنی درێژترین ماوەی حوکمڕانیە لە ساڵی (١٥٢٠ تا ١٥٦٦)، ناسراوە بە سولتان سلێمانی قانونی، فەرمانڕەوایەکی دیار بوو لە ئەورووپا لە سەدەی شانزەدا ، سولتان سەرۆکایەتی دەسەڵاتی سەربازی وسیاسی وئابووری و سەرکردایەتی سوپای عوسمانی دەکرد لە سێزدە هەڵمەتی سەربازی بەشدارکرد دە هەڵمەتی لە ئەوروپا بوو بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی بەلەگراد و ڕۆدس و مەجەر. هەروەها زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا و هەتاوەکو جەزائیر داگیرکرد. هەروەها لەژێر دەسەڵاتی سوڵتان سلێماندا کەشتیگەلی عوسمانییەکان دەستیان گرتبوو بەسەر هەموو دەریاکانی ناوچەکە لە دەریای ناوەڕاستەوە بۆ دەریای سوور تا دەگاتە کەنداوی عەرەبی، بۆ زیاتر زانیاری لەسەر فروانخوازی عوسمانییەکان بگەڕیوە بۆ(طقوش، العثمانيين من قيام الدولة...، 2013).

[2] مەجەر یان هەنگاریا: دەوڵەتێکی ئەورپییە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەوروپا، سنورێکی داخراوی هەیە ناگاتە سەر دەریا، لە باکووری سلۆڤاکیا و ئۆکرانیایە، ڕۆمانیا دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتیەوە، لە باشووریش کرواتیا وسربیا و سلۆڤینیایە، نەمساش دەکەوێتە ڕۆژئاوای، ناوی مەجەریش هەندێك لە مێژوو نووسان دەڵین لە ناوی ئەو نەتەوەیەوە هاتووە لە باکووری رووسیاوە هاتوون لە رابردوو لەو ناوچەیە ژیاون( رهبان، المجلد الواحد والعشرون، جزء هنغاريا، ص682).

[3] ئەکرا: یەکێکە لەچیاکانی قودس دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای شاری قودس، دواهەمین بنکەی بەرگری خاچپەرستەکان لەو ناوچەیە بووە(السمري،2010/4/3، https://www.alukah.net/culture/0/19918/).

یۆنانی و عه‌ره‌بی و زمانه‌كانی دیكه‌ ئه‌وانیش ده‌ستیان كرد به‌ وه‌رگێرانیان بۆ زمانی لاتینی[4]، ئیسپانیا له‌ پێشه‌نگی ئه‌و وڵاتانه‌ بوو، چونكه‌ موسڵمانه‌كان هه‌ر له‌ سه‌ده‌ی هه‌شتی زاینییه‌وه‌ باشووری ئه‌و وڵاته‌یان له‌ ژێرده‌ستدا بوو، ئیسپانیا ده‌رەتانی ئه‌وه‌ی هه‌بوو په‌یوه‌ندی شارستانییه‌تی رۆژئاوا و شارستانییه‌تی ئیسلامی دروست بكات، به‌شێك له‌ كتێبه‌ وه‌رگێرداوه‌كانی عه‌ره‌بی له‌ رێگه‌ی گه‌ریده‌ و قه‌شه‌كانه‌وه‌ وه‌رگێردرانه‌ سه‌ر زمانی لاتینی، به‌ره‌به‌ر به‌شێك له‌ میراتی ڕابردوویان له‌ ڕێگه‌ی موسڵمانه‌كانه‌وه‌ ده‌ست ده‌كه‌وت، (الیوزبکی، ثقفتنا للدراسات والبحوث المجلد5، عدد20،2010، ص124)، چونكه‌ ده‌مێك بوو پاپا و كڵێسا كۆنترۆڵی جومه‌گه‌كانی كۆمه‌ڵگای رۆژئاوایان كردبوو، ئه‌م بسترانه‌وه‌یه‌ گه‌ڵێك ئاسته‌نگی بۆ بیرۆكه‌ی ڕه‌سه‌ن لێده‌كه‌وته‌وه‌، وای كردبوو له‌ بواری فه‌لسه‌فه‌ و بیركاری و فیزیا و پزیشكی و زانسته‌كانی دیكه‌ ده‌سكه‌وتی نوێیان كه‌م بێت.

له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ به‌هۆی ناكۆكی ناوخۆیه‌وه‌ رۆژئاوا پاشه‌كشێی سه‌ربازی كرد بوو، به‌ڵام لایه‌نی وه‌رگێران و گرنگی دان به‌ زانسته‌كان زیادی كرد بوو یه‌كێكیش له‌و كتێبانه‌ی وه‌رگێردرانه‌ سه‌ر زمانی لاتینی قورئانی پیرۆز بوو، زانین و ناسینی قورئان له‌لایه‌ن مه‌سیحییه‌كانی رۆژئاوا ده‌گرێته‌وه‌ بۆ سه‌ده‌ی دوازده‌، یه‌كه‌مین وه‌رگێرانی قورئانیش بۆ زمانی لاتینی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ساڵی(1143ز) له‌لایه‌ن راهیبێكی ئینگلیزی به‌ناوی (رۆبرت ڤون كیتۆن-[5]Robert von ketton) له‌سه‌ر داوای قه‌شه‌ بترس فنرابیلس( petrus venrabilis) یان بترس المجبل، سه‌رۆكی دێره‌ی شاری كولون بوو، توانی باوه‌ڕ به‌ رۆبرت بهێنی به‌ وه‌رگێرانی چه‌ند به‌رهه‌مێك له‌بواری ماتماتیك و ئه‌ستێره‌ناسی له‌نێویشیاندا وه‌رگێرانی قورئانی پیرۆز بوو بۆ سه‌ر زمانی لاتینی، به‌هۆی ئه‌و وه‌رگێرانه‌وه‌ قورئان بۆ سه‌ر چه‌ندین زمانی نه‌ته‌وه‌كانی دیكه‌ی له‌وانه‌ ( ئیتالی و هۆله‌ندی و ئه‌لمانی) وه‌رگێردرا. بتروس باوه‌ڕی وابوو مه‌ترسیی ئیسلام جۆرێكه‌ ناتوانرێت به‌ چه‌ك ڕووبه‌ڕوویان ببنه‌وه‌، به‌ڵكو ته‌نها ناسینی ته‌علیماته‌ سه‌ره‌كیه‌كانی ئیسلام نه‌بێت، چونكه‌ قورئان چه‌ندین به‌ڵگه‌ی دژ به‌ مه‌سیحییه‌ت و ئینجیلی تێدایه‌(خالد،2012، ص215)، بێجگه‌ له‌ قورئان چه‌ندین كتێبی دیكه‌ له‌باره‌ی ئیسلام و ته‌علیماته‌ ئایینیه‌كانه‌وه‌ وه‌رگێردرانه‌ سه‌ر زمانی لاتینی، به‌ڵام به‌هۆی غه‌زوی ناوچه‌كانی رۆمانیا[6] و مه‌لدۆڤیا(ی ئێستا) له‌ ساڵی(1390) و پاشانیش داگیركردنی شاری قوستنه‌تینیه‌[7] له‌ ساڵی(1453)، په‌یوه‌ندییه‌كانی رۆژهه‌ڵات و رۆژئاوا پێینایه‌ قۆناغێكی دوژمنكارانه‌وه‌، ئاسان نه‌بوو له‌ چاپدان و ده‌ركردن و وه‌رگێرانی ئه‌و جۆره‌ كتێبانه‌(Yükse L, 30.März-01.April2017, P11). به‌تایبه‌تی كاتێك سوڵتان سلێمانی قانونی ده‌سه‌ڵاتی گرته‌ ده‌ست سیاسه‌تی عوسمانی رووی كرده‌ رۆژئاوا تا قۆناغێكی نوێ له‌ په‌یوه‌ندیه‌ نوێیه‌كانی له‌گه‌ڵ ئه‌وروپا ده‌ست پێ بكات، كه‌ سیفه‌تی فراوانخوازی به‌ره‌و رۆژئاوا و به‌لقان[8] و ده‌ریای سپی ناوه‌ڕاستی له‌ خۆ ده‌گرت. سوڵتان ئاگاداری ناكۆكییه‌كانی

---

[4] له‌سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاست چه‌ندین كتێبی نووسه‌ری ئیسلامی وه‌رگێڕدراوه‌ بۆ لاتینی له‌وانه‌ كاره‌كانی ئه‌بووبه‌كر ڕازی و ئیبن سینا وه‌ كاره‌كانی ئیبن ڕوشد وه‌ په‌رتووكی( حركة الكواكب)ی به‌تروجی وه‌ زانیارینامه‌ی ئیبن مه‌جووسی پزیشكی (كامل الصناعة الطبية الضرورية) و كتێبی (المدخل الكبير الى علم أحكام النجوم)ی ئه‌بوو مه‌شعه‌ر به‌ڵخی، هه‌روه‌ها په‌رتووكی (الوصايا بالجبر والمقابلة)ی ئه‌بوو كامل و چه‌ندانی دیكه‌....ئه‌وروپییه‌كان گرنگیان داوه‌ به‌ فه‌لسه‌فه‌ی یۆنانی و ده‌قه‌ زانستیه‌كان كه‌ به‌ لاتینی نه‌بوو له‌ ڕۆژاوای ئه‌وروپا، به‌ڵام وه‌رگێڕدرا بۆ عه‌ره‌بی و پارێزراو بوو له‌ جیهانی ئیسلامی. ده‌گووترێت كه‌ (جیراردی كریمۆنی) ئه‌م زانایه‌ ده‌قی زۆری كتێبه‌ فه‌لسه‌فی و زانسته‌كانی له‌ عه‌ره‌بییه‌وه‌ وه‌رگێڕا بۆ لاتینی به‌ ته‌نیا ٨٧ په‌رتووكی وه‌رگێڕاوه‌ له‌ عه‌ره‌بی بۆ لاتینی، بۆ زیاتر زانیاری له‌باره‌ی كاریگه‌ری ئیسلام له‌سه‌ر ئه‌وروپا بگه‌ڕیوه‌ بۆ(وليام مونتغمري، تأثير الإسلام في أوروبا العصور الوسطى، ت:سارا ابرهيم الذيب، بيروت، 2016).

[5] رۆبرت كیتۆن: زانا و ئه‌ستێره‌ناس و قه‌شه‌ و وه‌رگێر و دبلۆماتكاری ئینگلیزیه‌، له‌ پاریس خوێندیه‌تی پاشان له‌ساڵی(1134ز) بۆماوه‌ی چوارساڵ ده‌چێته‌ رۆژهه‌ڵات سه‌ردانی سوریا و فه‌له‌ستین ده‌كات، پاشان ده‌چێته‌ ئیسپانیا له‌وێ ده‌ستیكردوه‌ به‌وه‌رگێران، ژماره‌یه‌ك له‌كتێبه‌ عه‌ره‌بیه‌كانی وه‌رگێراوه‌ته‌ سه‌ر زمانی لاتینی، له‌وانه‌ش بۆ یه‌كه‌مین جار قورئانی وه‌رگێروه‌ته‌ سه‌ر زمانی لاتینی له‌ساڵانی(1141-1157).(Charles B., 2004.P27)

[6] رۆمانیا یه‌كێكه‌ له‌ وڵاتانی به‌لقان، ده‌كه‌وێتـه‌ باشووری رۆژهه‌ڵاتی ئه‌وروپا و باشووری رووباری دانوب، له‌ باكوور ئۆكرانیایه‌ و له‌ باكووری رۆژهه‌ڵات مۆلداڤیا و له‌ باشوور بولگاریاو له‌ رۆژهه‌ڵات سربیا و هنگاریا.

مه‌لدۆڤیا: ده‌كه‌وێـته‌ رۆژهه‌ڵاتی ئه‌وروپایه‌ له‌ نێوان رۆمانیا و ئۆكرانیا دایه‌.

[7] **قوسته‌نتینیه‌**، شاری ئیسته‌نبوڵی ئێستایه‌، كه‌ به‌ بیزه‌نتیه‌ش ناسراوه‌: ئه‌و شاره‌ له‌ساڵی(657پ.ز) بنیاتنراوه‌ له‌ لایه‌ن یۆنانییه‌كان، و به‌ناوی(بیزه‌نتیۆم) ناسرابوو، دوای گواستنه‌وه‌ی پایته‌ختی له‌ رۆما بۆ رۆژهه‌ڵات شاری بیزه‌نتیۆم بوه‌ پایته‌ختی ئیمپڕاتۆڕی ڕۆمانی به‌شی رۆژهه‌ڵات له‌ساڵانی( ٣٣٠ تا 1453 )و پایته‌ختی ئیمپڕاتۆڕی بیزه‌نتی بوو، تا ئه‌و كاته‌ی عوسمانییه‌كان فه‌تحییان كرد و سوڵتان محه‌مه‌د فاتیح چووه‌ ناویه‌وه‌ و ناوی نا (ئیسلام بوڵ) یان ئه‌ستانه‌ و به‌م فه‌تحه‌ش بوو به‌ پایته‌ختی ده‌وڵه‌تی عوسمانی، و ساڵی(١٩٣٠)ناوه‌كه‌ی گۆڕا بۆ ئیسته‌نبوڵ(محمد، 2021، ل2014)

[8] بالقان نیمچه‌دوورگه‌یه‌كه‌ ده‌كه‌وێته‌ به‌شی باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی ئه‌وروپا، ڕووبه‌ره‌كه‌ی ده‌گاته‌ نزیكه‌ی(٧٢٨٠٠٠ )كیلۆمه‌تری چوارگۆشه‌ ناوی به‌لقانیش له‌ زنجیره‌ چیاكانی بالقان وه‌رگیراوه‌، كه‌ درێژده‌بێته‌وه‌ له‌ ناوه‌ندی بولگاریاوه‌ تا ڕۆژهه‌ڵاتی كۆماری سربیا، له‌ ماوه‌ی سه‌رده‌مه‌ كۆنه‌كاندا به‌لقان كه‌وتبوه‌ سه‌ر سنووری

نێوان هێز و دەسەڵاتەكانی ئەوروپا بوو بەتایبەتی لە نێوان(فرنسوای یەكەم) پاشای فەرەنسا و (شارلی پێنجەم)ی ئیمپراتۆر، كە دەمارگیری توندی هەبوو دژ بە ئیسلام، عوسمانییەكان بە مەترسییەكی گەورەی مەسیحییان دادەنا بۆ سەر بەرژەوەندییەكانیان. لە ئەنجام رووداوێك روویدا جەنگی فراوانی نێوان هەردوولای هەڵگیرساند، ئەوە بوو (لویس دووەمی) پاشای مەجەر ئەو نێردراوەی سوڵتانی كوشت كە هاتبوو تا گرتنە دەستی دەسەڵاتی پێ ڕابگەیەنێت و داوای لێ بكات ئەو سەرانەیە بدات لە بەرامبەر نوێكردنەوەی ڕێكەوتنەكەدا دەبوو بیدات، ئەو كارە سوڵتانی تورە كرد و جەنگی دژ بە مەجەر ڕاگەیاند و دەستی بە فروانخوازی كرد بەرەو ئەوروپا(Ихсаноглу , том I, 2006, С228).

سوڵتان لە ساڵی(1521) شاری (بلگراد) لە ساڵی دواتر (رۆدسی) داگیركرد، لە شەڕی موهاكس[9] لە ساڵی (1526) مەجەریشی داگیركرد، پاشا لودفیجی دووەم(لویس)ی كوشت، دوای ئەوە مەجەر بووە ویلایەتێك سەر بە دەوڵەتی عوسمانی، لە دوای لویس، (فردیناند) بە پاشا بەسەر (بوهیما) و ئەو ناوچانەی مابوون هەڵبژێردرا، ئەمەش بردیە ململانێیەكی دژ بە میر زابولیای سەركردەی (ترنسلڤانیا) و هاوپەیمانی عوسمانییەكان، فردیناند توانی (بودا) بگەڕێنێتەوە ئەمەش وای لە سوڵتان سلێمانی قانونی كرد یارمەتی میر (زابولیا) بدات دژ بە فریناند، لە ساڵی( 1529 ) سوڵتان بودای داگیركرد، سوپای ئەلمانیەكانی دەركرد و دایە زابولیای هاوپەیمانی، پاشان هەر لە ساڵی (1529) گەمارۆی یەكەمی شاری (ڤێنا)دا(Ихсаноглу , том I, 2006, С231).

عوسمانییەكان بوونە مەترسییەكی گەورە بۆ سەر جیهانی مەسیحییەت، مارتن لۆتەریش لەسەروبەندی چاكسازییەكانیدا بوو، ئەوەی بەمەترسییەكی گەورە دادەنا هەڵوێستێكی دوژمنكارانەی نواند بەرامبەر بە توركەكان، ئەمەش وایكرد نووسینەكانی دوو ئاراستە بگرنە بەر، ئاراستەی یەكەمی ئامۆژگاری و ڕەخنە بوو لە گەندەڵیەكانی پاپا و كڵێسا، داوای گەڕانەوەی بۆ مەسیحییەتی ڕاستەقینەی سەردەمی رۆمانی دەكرد، دووەم ئاگاداركردنەوەی گەلی ئەلمانیا بوو لە مەترسیی هێزێكی دەرەكی توركەكان كە بەشێك لە رۆژئاوای خستۆتە ژێردەستیەوە، ئەوەی وەكو هێزێكی ئەهریمەنی دژ بە جیهانی مەسیحییەت دەبینی(Adam S. Francisco, 2007, p212)، بەهۆی مەترسیی توركەكانەوە زۆربەی نووسینەكانی بەشێوەیەكی دوژمندارانە دژ بە ئیسلام دەنووسێت دەڵێت( توركەكان[10] بە شمشێر و جەستە شەڕ(مەبەست جیهاد) دەكەن دژ بە مەسیحییەكان، پاپا پێچەوانەی دروشمەكانی ئایین و ئینجیل دەجولێتەوە... هێزی شەڕ و ستەمكاری لە پاپا و محەمەدیەكان دەبینرێت...)( هاغمن، 2004، ص134؛ خالد، 2012، ص226)، لۆتەر باوەڕی وابوو پاپا دوژمنی یەكەم جیهانی مەسیحییەتە هەرچی توركە

---

ئیمپراتۆریەتە گەورەكان، لەبەر ئەوە مێژووەكەی پڕە لەجەنگ و ململانێی لە نێوان نەتەوەكان لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمانیەوە پاشان دەوڵەتی عوسمانی. دەوڵەتەكانی بەلقانەش ئێستا ئەمانە دەگرێتەوە(ئەلبانیا كۆسۆڤۆ بولگاریا بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا سربیا شاخی ڕەش، كرواتیا، مەكدونیا، یۆنان هەروەها هەندێك لە لێكۆڵەرەوان ڕۆمانیا و سلۆڤێنیا و مۆلداڤیا لە كۆمەڵی وڵاتەكانی بەلقان دادەنێن، بۆ زیاتر زانیاری مێژووی موسلمانەكان لەناوچەكانی بەڵقان بگەرێوە بۆ(د. محمد م الأرناؤوط، دراسات في التاريخ الحضاري للإسلام في البلقان، دبی، 1996، ص11...)

[8] **قوستەتینیە**، شاری ئیستەنبوڵی ئێستایە، كە بە بیزەنتیەش ناسراوە: ئەو شارە لەساڵی(657پ.ز) بنیاتنراوە لە لایەن یۆنانییەكان، و بەناوی(بیزەنتیۆم) ناسرابوو، دوای گواستنەوەی پایتەختی لە رۆما بۆ رۆژهەڵات شاری بیزەنتیۆم بووە پایتەختی ئیمپراتۆڕی ڕۆمانی بەشی رۆژهەڵات لەساڵانی( ٣٣٠ تا 1453 )و پایتەختی ئیمپراتۆڕی بیزەنتی بوو، تا ئەو كاتەی عوسمانییەكان فەتحییان كرد و سوڵتان محەمەد فاتیح چووە ناویەوە و ناوی نا (ئیسلام بوڵ) یان ئەستانە و بەم فەتحەش بوو بە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی، و ساڵی(١٩٣٠)ناوەكەی گۆڕا بۆ ئیستەنبوڵ(محمد، 2021، ل2014)

[9] شەڕی موهاكس یان موهاتش، بەیەكێك لە گرنگترین شەڕەكانی سەدەكانی ناوەراست دادەنرێت، لە29 ئۆگستس 1526ز لەنزیك موهاج لەمەجەر لەنێوان هێزی مەجەریەكان بەسەركردایەتی لویسی دووەم و سوپای عوسمانیەكان بەسەركردایەتی سولتان سلێمانی قانونی، لەم شەردا بە سەركەوتنی سوپای عوسمانیەكان كۆتایی پێهات، ئەمەش بووە هۆی دابەشبوونی مەجەر لەنێوان عوسمانیەكان مەملەكەتی هابسبۆرگ و میرنشینی ترانسیلڤانیا، ئەو ئەشەڕە بووە كۆتایی سەدەكانی ناوەراست لە مەجەر(Ихсаноглу , том I, 2006, С7-9).

[10] وشەی تورك هەتا پێش كۆتاییهاتنی دەوڵەتی عوسمانی وەك جنێو بەكاردەهات، لەناو عوسمانییەكاندا بە خەڵكە دەشتەكییەكەی ئەنادۆڵ دەوترا تورك، تەنانەت سەفیری عوسمانی لە ئەوروپا بێزار بووبوو لەوەی پێی بگووترێت تورك، دەیوت كە ئەو تورك نییە و عوسمانییە، دەبێت بە عوسمانی بانگ بكرێ، چونكە تورك وا ناسرابوون كە خەڵكانی دڕندە و وەحشین و زۆر جار وشەی تورك بۆ سوكایەتیكردن بە كەسانی دیكە بەكاردەهات. لەوەیە مارتن لۆتەریش هەر لەبەر ئەوەیە لەهەموو نووسینیەكانی عوسمانییەكان بە توركەكان ناو دەبات. بەڵام لەدوای ساڵی 1908 ەوە وشەی تورك لە واتا گشتییەكەی دابڕا و بەهۆكاری تێكەڵبوون لەگەڵ ڕۆژئاوادا و دەركەوتنی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و نەژادی لەجیاتی ئاینیی و مەزهەبیی، وشەی تورك ئەو واتایەی لەدەستدا كە پێشتر هەیبوو، بەڵكو بەهۆی پەیدابوونی ئایدۆلۆژیای پان توركیزم لای عوسمانییە توركەكان، ئیتر وشەی تورك وەك هێمای شانازیكردن بەكاردەهێنرا(Matti Moosa, 1988, p340)

ئیسلامیەکانە(محەمەدیەکانە) دوژمنی بیروباوەڕی مەسیحییەت و دروشمەکانی کڵێسان، ئەوانە ئافاتێکن بەهۆی زوڵم و ستەمی پیاوانی ئایینیەوە خودا تورکەکانی ناردوە بۆ ئەوەی لە گوناهەکانیان ئاگاداریان بکاتەوە، باوەڕی وابوو سەرکەوتنی تورکەکان بەسەر رۆژئاوا مانای ڕاستی بیروباوەڕی محەمەد(د.خ)ە پێچەوانەش مەسیحییەت ڕاستە، لۆتەر پێی وابوو هاتنی محەمەدیەکان نیشانەی تورەبوونی خودایە، مەترسیی رۆژی دوایە ڕووبەرووی مەسیحییەکان دەبێتەوە، ئەو دوژمنەش بە ئاگری ئاسمان(مەبەست ئافاتێك یان پەتایەك) لەناو دەچن نەك بەشمشیری مەسیحییەکان(خالد، 2012، ص226).

**2-1. سەرەتای ناسینی ئیسلام لەلایەن مارتن لۆتەر :**

لە سەدەی شازدەهەم هەندێك لە پیاوانی ئایینی لە شیکردنەوەی دەقە لاتینیە ئایینیەکان زاراوەی ئیسلامیان بەرامبەر بە موسڵمانەکان بەکارنەهێناوە، بەڵکو بە موسڵمانەکانیان وتووە( محەمەدیەکان، بیروباوەڕی تورکەکان، عەرەبەکان یان ناوی گروپێکی ئیسلامیان بەرامبەر بە ئیسلام بەکارهێناوە) (Bischöfin Petra, Juni 2016, p4.)، لۆتەر زۆرجار موسڵمانەکانی بە(محەمەدیەکان، بیروباوەڕی تورکەکان یان هەندێ جار بە ئیسماعیلیەکان ناو بردووە(Werner H. , 2019, P10 ).

مارتن لۆتەر بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شارستانییەتی ئیسلامی نەبوو، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی گەریدە و کتێبە وەرگێردراوەکانی سەر زمانی لاتینی و ئەلمانی شارەزایی لەسەر ئیسلام پەیداکردووە(Von Athina Lexutt, Nr. 2/2011, p61.). سەرەتای ناسینی شارستانییەتی ئیسلامیش لەلایەن مارتن لۆتەرەوە لە ڕێگای ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بوو( Adam S. Francisco, 2007, p212)، هەرچەندە ئەو سەردەم کتێبی کەم هەبوو لەسەر ئایینی ئیسلام، بەڵام لە سەدەی شازدەهەم بەهۆی مەترسیی عوسمانییەکان ژمارەیەك کتێب بەناوی تورکەکان دەرچوون، بەتایبەتی بە زمانی ئەلمانی هەندێکیان لەگەڵ باسکردنی تورکەکان باسی ئایینی ئیسلامیشیان کردووە(Adam S. Francisco ,2012, p79)، بەڵام باشترین سەرچاوەکانی سەدەی شازدەهەم بۆ لۆتەر کتێبەکانی رۆژهەڵاتناسی سویسری(**تیبودور بلیاندر1509-1564)**[11]**بوو،** سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بە زمانی لاتینی بۆ ئەو سەردەم دەربارەی ناساندنی ئیسلام بە رۆژئاوا، **بلیاندر** زمانی عەرەبی زانیوە و هاوڕێ و هاوسەردەمی لۆتەر بوو(Adam S. Francisco, 2007, p99)، هەروەها جگە لەوەی قورئانە وەرگێردراوە لاتینیەکان ئەگەرچی کەم و کوری زۆریان تێدابوو لە وەرگێرانیان ئەوانیش سەرچاوەی سەرەکیی بوون بۆ ناساندنی ئیسلام بە لۆتەر.

لەلایەکی دیکەوە نزیك بوونەوەی ئیسلام لە رۆژئاوا(ناوەڕاستی ئەوروپا) وەکو هێزێکی نوێ لە ڕێگەی فروانخوازی دەوڵەتی عوسمانی، بێگومان کەم و زۆر کاریگەری لەسەر لۆتەر هەبووە بۆ ناسینی ئیسلام، چونکە هاتنی تورکەکانی لۆتەر بە یەکێك لە نیشانەکانی رۆژی دوایی داناوە( Adam S. Francisco, 2012, p79)، لەم بارەیەوە دەڵێت( تورکەکان سزای خودان و ئەهریمەنن- "der Türke ist üottes rute und des Teuffels dienev") بەهۆی هەڵەی خۆمانەوە خودا تووشی ئەو سزایەی کردووین (خالد، 2012، ص335)، لۆتەر ترسی لەوە هەبوو خەڵکی تەسلیمی ئەو بیروباوەڕە بێـت، لەم بارەیەوە دەڵێت( تورکەکان بیرباوەڕێکی ئەهریمەنانەیان هەیە، دەبێ خەڵکی ئەلمانیا لەفێل و باوەڕی محەمەدیەکان شارەزابن)( Фаусель,1996. т.2, С296-312)، هەروەها لۆتەر ئامۆژگاری ئەو مەسیحییانەش دەکات کە لە وڵاتی ئیسلام (یان لە ژێردەستی تورکەکان) دەژین بیروباوەڕیان بەهێز بکەن، لەسەر (ئیمانەکەیان)بیروباوەڕەکەیان بەجێگری بمێنەوە و پارێزگاری لێ بکەن(www.sonntagsblatt.de/sites,2018, p3-pdf)، ئەو هاتنی تورکەکان بۆ ئەوروپا بە سزایەکی خودایی داناوە بۆ سەر جیهانی مەسیحی بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە پرنسیپەکانی ئایینی مەسیحییەت(Мартин Лютер 95 тезисов.С9). لەم بارەیەوە دەڵێت تورکەکان ( غەزەب و ئافاتی خودان - Gottes

---

[11] تیودور بلیاندرTheodore (or Theodorus) Bibliander: رۆژهەلاتناسی سویسری لەساڵی(1509ز)لە بیشوفزیل لەدایك بووە، زمانەکانی لاتینی و یۆنانی و عبری و عەرەبی چەند زمانێکی دیکەی رۆژهەڵاتی زانیووە، دەبێتە مامۆستا لە ئەکادیمایی(کارولینوم ) وانە لاهوتیەکان دەڵێتەوە، یەکەمین قورئانی چاپ کردووە بە سوود وەرگرتن لە قورئانە تەرجەمەکراوەکەی رۆبیرت کیتۆن لەساڵی(1543ز)، هەروەها کتێبێکی بەناوی رێزمانەکانی زمانی عبری داناوە، کتێبێکی دیکەشی ئایینی لەزمانی عەرەبی وەرگێراوە بەناوی (هەزار پرسیار ، Thousand Questions) لەگەڵ چەند بەرهەمێکی دیکە، تیۆدۆر لەساڵی(1560ز)بەتاعون دەمرێت(بدوی، 1993، ص75)، بۆ زیاتر زانیاری لەسەر بیروبۆچونەکانی بگەرێەوە (Balserak j. 2017,p684-697)

Zuchtrute und Geißel)، داوا لە خەڵك دەكات نوێژ و پارانەوە دژ بە توركەكان بكەن، بۆ ئەوەی خوا لە مەترسیی توركەكان دووریان بخاتەوە (Von Athina , Nr. 2/2011, p68).

لۆتەر ترسی هەبوو لە بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی محەمەدیەكان، چونكە دوای گەمارۆی سەر شاری ڤێنا بە هەزاران ئەلمانی لای عوسمانییەكان بەدیل گیرابوون، ئەوانە سەیریان پێداهات چۆن لە ژێردەستی عوسمانییەكان بە ئاشتی دەژین، لۆتەر خۆی سەرسام بوونی خۆی دەربڕیوە دەڵێت (دەبێت چ پاسایەكیان هەبێت ئەوها ڕێكیان بخات..)،لۆتەر زیاتر هەستی بە مەترسیی دەكرد، بەتایبەتی لە كاتی گەڕانەوەی ئەو دیلانە مەیل و ئارەزوویان بۆ ئایینی توركەكان زیادی كرد بوو(Adam S. Francisco, 2012, P151)، هەر بۆیە چەندین كاردانەوەی توندی هەبوو بەرامبەر بە ئیسلام ئاگاداركردنەوەی نەتەوەی ئەلمانیا.

لەلایەكی دیكەوە لۆتەر مەترسیی عوسمانییەكانی بە نیعمەت زانیوە بۆ هەنگاوە چاكسازییەكانی چونكە مەترسیی عوسمانییەكان بۆ سەر زەوییەكانی هابسبۆرگ[12] وای لە پاپا و ئیمپراتۆر (چارلسی پێنجەم) كرد هەموو هەوڵەكانیان بۆ دژایەتی ریفۆرمخوازەكان تەرخان نەكەن، بەڵكو ئامادەبوو یارمەتی بەشێك لە میرە پرۆتیستانتەكانیش بدەن بۆ ئەوەی دژ بە عوسمانییەكان بوەستنەوە( Marcus Meer, 2013, p14)، شەڕی ئیمپراتۆر لەگەڵ توركەكان دەستی ئیمپراتۆری گرت بۆ ڕێگری كردن لە چاكسازییەكانی لۆتەر، ئەمەش كارئاسانی كرد بۆ بڵاوبونەوەی بیروباوەڕەكانی لەناو خەڵكی(Marcus Meer, 2013, p14).

**2: تێڕوانینی لۆتەر لەسەر ململانێی مەسیحیەت و ئیسلام:**

**1-2. لۆتەر و شەڕی خاچپەرستی:**

هاتنی عوسمانییەكان بۆ ئەوروپا چەند شەڕی گەورە ڕوویدا، زۆربەی شەڕەكان بەرگێكی ئایینیان هەبوو پاپا لە پێناو دەسكەوتنی سەرەوت و سامان و فرۆشتنی پسولەكانی و ئیمپراتۆریش لە پێناوی زیادكردنی سەرباز لە سوپادا هەوڵیان دەدا بەناوی ئایینەوە ڕێگری لە فراوانخوازی عوسمانییەكان بكەن، لۆتەر باوەڕی وابوو توركەكان بەچەكی مەسیحییەكان لەناو ناچن، بۆیە پێویست ناكات خۆیان بخەنە ناو شەڕێكەوە كە خودا پێی ناخۆشە، بەڵكو بەهۆی تورەبوونی خوداوە لە ناودەچن چونكە لۆتەر بە پێی پێشبینیەكانی ئینجیل توركەكانی بەهێزی شەڕانگیزی كۆتایی دونیا داناوە(خالد، 2012،ص226).

لۆتەر دژ هەڵگیرساندنی شەڕی خاچ پەرستی بوو، لە زۆربەی وتار و نووسینەكانیدا هەڵگیرسانی جەنگی بەناوی ئایین و ئیمانەوە ڕەتكردۆتەوە، دژی ئایدۆلۆجیای هەڵمەتی خاچپەرستی بوو دژ بە ئیسلام، باوەڕی وابوو نابێت مەسەلەی ئیمان بۆ توندوتیژی بەكاربهێنرێت، ئەو هێڵەی كێشابوو لە نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دنیایەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاشكرا ڕەتی نەكردۆتەوە، چونكە ڕۆژئاوا بە دەستی عوسمانییەكان زیانێكی زۆری ئابووریان بەركەوتبوو ناڕەزایەكی زۆر هەبوو لەناوەندە ڕۆشنبیری و ئایینیەكانەوە دژ بە فروانخوازی توركەكان(Marcus Meer, 2013, p11).

لە دیدی لۆتەر ئەلمانییەكان دەتوانن بەرگری لە خۆیان بكەن، پێویست ناكات بەناوی ئایینەوە شەڕ بكەن، ئەگەر ئیمپراتۆریش شەڕ دەكات دەبێت تەنها بەرپرسی كاروباری دونیەوی بێت نابێت بەناوی ئایینەوە خەڵكی كۆبكاتەوە شەڕ هەڵگیرسێنێ، هەروەكو لە شوێنێكدا دەڵێت( شەڕكردن لەگەڵ توركەكان مانای دژایەتی خودایە... „„Gegen die Türken zu kämpfen heißt) (Andreas P., 2017, p3)، ئەوەش بۆ ئەوەبوو پاپا سوود لەشەڕی خاچپەرستی وەرنەگرێت، دووبارە بەناوی ئایینەوە هێز و لایەنگری بۆ خۆی پەیدا نەكاتەوە، هەروەها لە نامەی ئامۆژگاری شەڕ دژ بە توركەكان دەڵێت( سزای خودا ئەوە نیە شەڕ دژ بە توركەكان بكەن ، بەڵكو بەهۆی هەڵەكانی ئێمەوە تووشی سزای توركەكان بووینەتەوە- Es ist nichts als göttliche Bestrafung, und der ... Kampf der Türken ist nichts anderes als ein Kampf gegen den Herrn, der die Türken zu einer Bestrafung für unsere Sünden gemacht hat…."(خالد، 2012، ص235)، پێویستە مرۆڤی مەسیحی ئارام لەسەر ئەو سزایە بگرێت، هەروەها دەڵێت (پێویستمان بە موعجیزە نییە گەلی ئەلمانیا لەم مەترسییە رزگار بكات، تەنها بە چاكردنی خوڕەوشتی خەڵك و گوێگرتن لە خودا لە

[12] زەوییەكانی هابسبۆرگ خاوەنداریەتی دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی هابسبۆرگەكان، گەورەی بنەماڵەی هابسبۆرگەكان پلەی ئیمپراتۆریان پێدرابوو لەلایەن ڕۆمانەكان لە نێوان ساڵانی(1438- تا1806) فەرمانڕەوایەتیان كردووە، بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی شەڕەكانی لەگەڵ عوسمانییەكان بڕوانە(Шимов Я., 2003, С603)

هەموو شتێك پێویست ترە بۆ چاکردنمان- nu kann ich mich keines Wunderzeichens noch sonderlicher Gottes gnaden über Deudschland versehen, wo man steh nicht bessert und das Wort Gottes anders ehret, denn bisher geschehen."(Gerhard S., 1995, p9).

لەڕاستیدا ئەو دووفاقیەتیە لە لۆتەر دا هەبوو، بۆ نمونە لەوکاتەی شۆرشی جووتیارەکان هەڵگیرسا پشتگیری میرەکانی ئەلمانیای کرد، لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز دەبێتەوە لە پێناو پاراستنی خۆی و بزووتنەوەکەی هانا بۆ میرەکان دەبات، کە خەڵکی هەژار و جووتیارەکانیان دەچەوساندەوە، جووتیارەکان بە چەتەو بەڵێن شکێن و دز ناودەبات. لەلایەکی دیکەوە ئەو روحە نەتەوایەتیەی لۆتەر هەیبوو بۆ ئەلمانیا وای لێکردوە لەم بارودۆخە ئەلمانیەکان پێویست ناکات شەڕ بکەن و بچنە شەڕەوە، چونکە تورکەکان هێشتا نەهاتونەتە ناو خاکی ئەلمانیا بۆچی شەڕ بۆ خاکێکی دیکە بکەن کە هی ئەوان نیە، لەسەری پێویست بوو ئەو خەڵکە سارد بکاتەوە خۆیان نەکەنە قوربانی بڕیارەکانی پاپا، هەروەها لە ریفۆرمەکەشی زۆر گرنگی بە نەتەوەی ئەلمانیا دەدات دەڵێت (...من دەمەوێت یارمەتی نەتەوەی ئەلمانیا بدەم بۆ رزگاربوون...)[13]، لۆتەر لە بنەڕەتدا کەسێکی نەتەوەیی و ئایینی بوو کاریگەری بیروباوەڕەکانی لە سەردەمەکانی دواتر دەردەکەوێت گەلی ئەلمانیا یەکدەخات.

لۆتەر کێشەی لەگەڵ مەترسیی سەربازی تورکەکان نەبوو، بەڵکو تەنها کێشەی لەگەڵ ئیسلام بوو، هەروەکو چۆن کێشەی لەگەڵ جولەکەکان هەبوو، بە گەورەترین مەترسیی دادەنا بۆ سەر نەتەوەی ئەڵمانیا کە دواتر نازییەکان ئەو بیروباوەڕەی لۆتەریان تەبنی کرد بەرەو (ڕەگەزپەرستی)رەسیزمی بردن. لۆتەر جووەکان و ئیسلامی وەکو یەك دەبینی دەڵێت ( جووەکان حەزرەتی ماریا(مەبەست مەریم) بە کەسێکی داوێن پێس دادەنێن...هەرچی پارەو سامان هەیە لەدەستی ئەوان کۆبۆتەوە بەهۆی ئەوانە خەڵکی ناوچەکانی ئەلمانیا بە هەژاری دەژین... محەمەدیەکانیش رەتی خودایەتی مەسیح دەکەنەوە..)(Мухаммад, 2012. C181 )، یان ( محەمەدیەکان مەسیح بە پیرۆز دادەنێن وەکو پێغەمبەر دەیناسن، بەڵام ئینکاری ئەوە دەکەن مەسیح کوڕی خودا بێت...)(Andreas P., 2017, p3 )، محەمەد بە قورئان خەڵك دەکوژێت ئەوان بوونەتە تێکدەری جیهانی مەسیحییەت(هاغمن، 2004، ص130). لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت(محەمەد هەڵگەرایەوەیە لە مەسیح، مەزهەبی محەمەد وەکو تۆفانێکە نیوەی جیهانی گرتۆتەوە...)(Petra B. 2016, p19).

لۆتەر لە ساڵی(1525) لە لەگەڵ پەیدابوونی مەترسیی سەربازی عوسمانییەکان لەسەر رۆژئاوا نامەیەکی ئاراستەی (فلیپ فۆن هیسن) حاکمی میرنشینی هیسن کرد بەناوی (شەڕی دژ بە تورکەکان-Der "Krieg wider den Türken" ....تورکەکان نزیك بوویتنەوە لێمان...) کە تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو مەترسیی تورکەکان لە هەموو شوێنێکە، پێویستە بەرگری لە ئیمانەکەیان بکەن ( Andreas P., 2017, p4)، لە هەمان ساڵدا نامەیەکی دیکەی بڵاوکردەوە بەناوی ( ئامۆژگاری سوپا دژ بە تورکەکان- „Heerespredigl wider den Türken“)هەر لەو نامەیەدا داوای لە حاکمی سەکسۆنیا(یورهان فردریش) کردبوو، نوێژ و پارانەوە بکات دژ بە تورکەکان، مارتن ئەوەی بە باشترین چەکی بیروباوەڕی مەسیحییەکان داناوە. تەنانەت لە سرووده ئایینەکانیش ئەو پاڕانەوەی ئەنجامدەدا ( خودایە بۆ خاتری وتەکانت بمانپارێزە بۆ خاتری روحەکان(شەهیدەکان) پاپا و تورکەکانمان لە کۆڵ بکەوە....)(خالد، 2012، ص 226).

**لەلایەکی دیکەوە** لۆتەر هەوڵی داوە مەترسیی عوسمانییەکان کەم بکاتەوە لەسەر خەڵکی ئەڵمانیا چونکە هێرشی تورکەکان کێشەیەکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا دروستکردبوو بەتایبەتی دوای رێکەوتنی پاشای فەرەنسا لەگەڵ عوسمانییەکان، ئەوروپا کەوتبووە باردۆخی خراپەوە، ئەوەبوو فتوای ئەوەیدا هەر کەسێك بەدەستی تورکەکان بکوژرێت لەرێزی شەهید و پیاوە پیرۆزەکان دادەنرێ (هاغمن، 2004، ص134). ئەمەش زیاتر مەبەستی بەرزکردنەوە دەرونی خەڵك و سەربازەکان بوو، چونکە عوسمانییەکان بوونە گەورەترین مەترسیی لەسەر رۆژئاوا وە هێزێکی ئەوتۆ نەبوو لە بەرامبەریان خۆی بگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی لۆتەر لە هەردوو نامەکەی( شەڕ دژ بە تورکەکان و ئامۆژگاری سوپا)لە دوو بارودۆخدا رازی بوو شەڕ دژ بە تورکەکان بکرێت:

[13] Martin Luther, Open Letter to the Christian Nobility of the German Nation Concerning the Reform of the Christian Estate (1520), P1-2.

یەکەم: دەبێت ئەو شەڕە بەناوی ئیمپراتۆر و سەرکردە باڵا سەربازیەکانەوە بکرێت، پاپا و پیاوانی ئایینی بە هیچ شێوەیەك بەشداری شەڕەکە نەکەن، واتا بەناوی (مەسیحییەت دژ بە تورکەکان) شەڕ نەکرێت.

دووەم: مەرجی سەرەکیی بۆ ئەو شەڕە کە دەبی تەنیا بەرگریکردن بێت لە خاك و هاونیشتمانیان، نەك هێرش و پەلاماردان بە مەبەستی داگیرکاری بەدەسهێنانی دەسکەوت(هاغمن، 2004، ص130).

لەوانەیە ئەوەش بۆ ئەوە بووبێت تاوەکو پاپا دووبارە سەرکردایەتی جیهانی مەسیحییەت نەکات و بەهۆی شەڕەوە لایەنگیری بۆ زیاد نەکات، **لە لایەکی دیکەوە** لۆتەر نایەوێت جارێکی دیکە بەناوی ئایینەوە خوێنێکی زۆر برێژێت، چونکە بە دیدی ئەو ئایین سەرچاوەی هەڵگیسێنەری زۆربەی شەڕەکانی نێوانیان بووە، کە چەندین سەدە بەردەوام بوو، بەو هۆیەوە بەهەزاران خەڵکی بێتاوان بوونە قوربانی، تەنها پاپا و دەسەڵاتدار و میرەکان سوودیان لە جەنگە ئایینەکان وەرگرتووە، هەروەها لۆتەر تورکەکانی بە بەهێزترین دەوڵەتی ئەو سەردەمە داناوە شەڕکردن لەگەڵ ئەو هێزە لەتوانای هێزە رۆژئاواییەکاندا نیە، ئەوان لە ناکۆکی ناوخۆییدان ناتوانن شەڕ لەگەڵ تورکەکان بکەن، باشترین چارەسەر پارێزگاریکردنە لە مانەوەیانە لەسەر ئیمانەکەیان، لە دیدی ئەو تورکەکان غەزەب و ئافاتی خودان، هەر خوا بەخۆشی لە ناویان دەبات.

**2-2. تێڕوانینی مارتن لۆتەر بۆ قورئانی پیرۆز[14]**

قورئانی پیرۆز یەکێکە لەو کتێبانەی بەشێکی زۆر لە رۆژهەڵاتناسان گفتوگۆیان لەبارەیەوە کردووە، زورترین نووسینی لەسەر نووسراوە، لۆتر دەربارەی قورئانی پیرۆزەو دەڵێت( قورئان گرنگترین کتێبی بیروباوەڕی محەمەدیەکانە...)(خالد، 2012، ص212)، سەرچاوەی شارە**ز**ابوونی قورئان لەلایەن مارتن لۆتەرەوە دەگرێتەوە بۆ قورئانە وەرگێردراوە لاتینیەکان.

بۆ یەکەمین جار قورئان لە لایەن قەشە (رۆبرت کیتۆن)ەوە لە ساڵی(1143ز) بۆ سەر زمانی لاتینی وەرگێردرا بەناوی( The Lex Saracenorum (The Saracen Law)، ئەمەش وایکرد قورئان بۆ سەر ژمارەیەك لە زمانە ناوخۆیە ئەوروپییەکان وەربگێردرێت، بەڵام بە هاتنی عوسمانییەکان بۆ ئەوروپا دروستبوونی مەترسیی ئیسلام لەسەر ئەوروپا بە مەرسومێکی پاپا لە ساڵی(1530ز) زۆربەی قورئانە وەرگێردراوەکان و کتێبە ئیسلامیەکان سوتێنران، چەند دانەیەکی کەم نەبێت لە کتێبخانەکان لە فەرمانەکەی پاپا ڕزگاریان بوو (خالد، 2012،ص190). یەکێکیش لەوانە نوسخەیەك لە قورئانە وەرگێردراوەکەی (رۆبیرت کیتۆن) بوو لە ئەلمانیا، لە ساڵی(1543ز) (**تیودور ببلیاندر) بەسود وەرگرتن لە قورئانە وەرگێردراوەکەی(رۆبیرت)** یەکەمین قورئانی بە زمانی لاتینی چاپکرد، بەناوی(Al-coranus, Lex Islamitica Muhamedis) تیودور هاورێ و هاوسەردەمی مارتن لۆتەر بوو(p10,مجله ، عدد3، سنة2،Ahmad von Denffer). لە چاپدانی ئەو قورئانە لە شاری(بازل[15]) کارێکی ئاسان نەبوو چونکە بازل شارێکی مەسیحی بوو مەڵبەندی چاکسازی ئایینی بوو، لەلایەکی دیکەوە قورئان رەتی یەهودی و مەسیحیەتی دەکردەوە، بەشێك لە ئەنجومەنی شارەکە لەگەڵ ئەوەدا بوون چاپ نەکرێت، چونکە باوەڕیان وابوو دەبێتە هۆی دروستبوونی رەوتێکی بە هێز لە رەتکردنەوەی سیانیەتی پیرۆز مەبەست(باوك، کوڕ، روحی پیرۆز)، ئەو سەردەمی لە شاری بازل رەوتێك هەبوون هاوشێوەی ئاریوسەکان[16] رەتی سیانییەتی پیرۆزیان دەکردەوە، بەڵام (لۆتەر و **تیودور ببلیاندر**) لەگەڵ ئەوەدا بوون چاپ بکرێت، داوایان لە ئەنجومەنی شارەوانی بازل کرد لەسەر ئەرکی خۆی بڵاوی بکاتەوە. چونکە پێیان وابوو لە رێگایەوە خەڵکی شارەزای دوژمنەکەیان دەبن ( خالد، 2012، ص218).

(فراتر ریکاردۆ دیمونی کروسی) ئەویش یەکێك بووە لەوانەی قورئانی وەرگێراوەتە سەر زمانی لاتینی بەناوی ( Confutatio alcoranie)، ریکاردۆ قەشەیەکی دۆمینەکی بوو لە ساڵی(1320ز) مردووە، ماوەیەك لە رۆژهەڵات کاری موژدەدەری(مسیونێری)کردووە، زمانی عەرەبی بە باشی زانیوە، ناوبراو کۆمەڵیك رەخنەی لە قورئان گرتووە بەتایبەتی لەو شوێنانەی باسی حەزرەتی عیسی دەکات، پێی وایە قورئان هەندێك هەڵەی مێژوویی تێدایە، بۆ لۆتەر ئەو قورئانە سەرچاوەی سەرەکیی بوو بۆ تێگەیشتنی لە (ئیسلام و محمد(د.خ))، لە زۆر شوێن رەخنەکانی هەمان قەشە دووبارە کردۆتەوە بەرامبەر قورئان(خالد، 2012، ص212). هەروەها نیکۆلاس ڤان کوز(1401-1460ز) بە مەبەستی لێك نزیکردنەوەی و ئیسپاتکردنی مەسیحییەت لە قورئان، هەڵساوە بە وەرگێرانی قورئان بەناونیشانی(کبریتانۆ الکوران-Cribartio Alcoranie)، ، نیکۆلاس بە هیوای ئەوەبوو کە کۆنگریەکی جیهانی ببەسترێت بەناوی(خودا) ئەندامانی هەموو ئایینەکانی تێدا کۆ ببێتەوە بۆ لێك نزیك کردنەوەیان(Klaus Kienzler, 2011, P24). ئەوەش یەکێکی دیکە بووە لە سەرچاوەکانی مارتن لۆتەر بۆ شارەزابوون لە قورئان.

لە ساڵی(1542ز)، جارێکی دیکە قورئانیان وەرگێردرایە سەر زمانی لاتینی بەناونیشانی (کروبوس تولیتانیوم- Corpus Tolctanum) لۆتەر ڕەخنەی لەو وەرگێرانە هەبوو بە وەرگێرانێکی خراپ و ناروون دەبینی، بەڵام گرنگی ئەو وەرگێرانە لەوەدابوو

---

[14] لەسەدەی شازدەهەم ئەو کاتەی عوسمانییەکان مەترسیان لەسەر ئەوروپای رۆژئاوا دروستکرد ، هەندێك لە نووسەران وشەی (قورئان-Alchoran ) بەکاردەهێنا ئاماژە بوو بۆ هەرکتێبێکی گومراو، خراپ، ئابڕووبەر ... ( ........, the word "Alchoran" was used by many authors to refer to any disliked, scandalous and heretic book, and does not actually mean the Qur'an of Islam)) (p11,مجله ، عدد3، سنة2، Ahmad von Denffer).

[15] شاری بازل: ئێستا یەکێکە لەشارەکانی سویسرا، بەیەکێك لە گرنگترین شارە رۆشنبیریەکانی ئەوروپا دادەنرێت، کە هەڵکەوتی کەوتۆتە نێوان فەرنسا و ئەلمانیا لەسەردەمی چاکسازیەکانی لۆتەر رۆڵێکی گرینگی گێراوە.

**[16] ئاریوس(256-336): قەشەیەکی ئەسکەندەریە بووە، یەکێك بوو لە گەورە قوتابیەکانی بترس بتريك لەسەردەمی قونستەنتینی گەورە کێشەیەکی گەورەی لە جیهانی مەسیحی دروستکرد، تیۆری وای دانا کە بەنیسبەت مەسیحیەکان جێگای سەرسوڕمان بوو، ئەویش دەربارەی دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان مەسیح و خوداوەندی باوك. ئاریۆس دەیگوت ((المسیح هو مخلوق))، لەبەرئەوەی دروستکراوی خوداوەندە هەموو خەسڵەتەکانی ئەوی تێدا نابینێت، لەڕووی ئاست وتوانا وەکو ئەو یەکسان نیە، پلەی هاوزاتی خودای نیە، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی گەورە ئوسقوفەکانی رۆژئاوا، دەیانووت بیرۆکەی سێکوچکەی پیرۆز وادەکات کە کوڕ و باوك یەکسان بن، لە هەموو شتێك، چونکە یەك توخمن، ئەسقوفی ئەسکەندەریە ئەم بیروڕایانەی ڕەتکردەوە ئاریۆسی لە کڵێسا دەرکرد (الشهرستاني، - ج ١، الطبعة4، بدون سنة، ص 267، 272)؛ (العرینی، 1968، ص72).**

وای لە لۆتەر کرد بکەوێتە بەردەم دوو حالەت یەکەم: دووبارە پێداچوونەوە بە بۆچوونەکانی ریکاردۆ بکاتەوە کە لۆتەر پشتی پێدەبەست، دووەمیش هەوڵی دا خۆی قورئانە لاتینیەکان وەربگێرێتە سەر زمانی ئەلمانی کە نزیکەی(100)ئایەتی هەڵبژێردراوی قورئانی لە سورەتی جیاواز وەرگێرایە سەر زمانی ئەڵمانی(خالد، 2012، ص216-217). بەڵام دواتر لە ساڵی(1542-1543)، لەلایەن چەند زانایەکی لاهوتی لە پێش هەمووشیانەو (هێنریمان) ناوێکەوە قورئان وەردەگێرێتە سەر زمانی ئەڵمانی( David D. Grafton, 2017, p665)، لەوانەیە هەر ئەمەش وایکردووە لۆتەر بەردەوام نەبێت لەسەر وەرگێرانی ئایەتەکانی دیکەی قورئان، زیاتریش ئەو ئایەتانەی وەرگێراوە کە پێچەوانەی ئنجیل و پرنسیپەکانی مەسیحییەت بوون، لەوانەیە ئەوەش زیاتر بۆ ئەوەبوو جیاوازی نێوان ئیسلام و مەسیحیەت دەربخات خاڵە ناکۆکیەکانیان بۆ خەڵکی بخاتە روو.

لۆتەر بۆ رەتدانەوەی هەندێك لە ئایەتەکانی قورئان کتێبێکی دانا بەناونیشانی( بەدرۆخستنەوەی قورئان و رەخنەکان Die Widerlegen Des Korans- ) بەسوود وەرگرتن لە وەرگێردراوە لاتینیەکان، رەخنەی لە قورئان گرتووە(p13,مجله ، عدد3، سنة2،Ahmad von Denffer).

لۆتەر تێروانینی بەرامبەر بە قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە بوو_ محەمەد(د.خ)ی بە دانەری قورئانی داناوە، کە بە تێکدەری جیهانی مەسیحەتی دادەنێت، قورئانیشی بە کتێبێکی ئەهریمەنی وەسف کردووە( Adam S. Francisco, 2012, p131)، لە پەراوێزی وەرگێردراوە قورئانە لاتینیەکە بەم شێوەیە وەسفی قورئان دەکات ( قورئان کتێبێکی بیابانیە پرە لە هەڵە و درۆ-"der den Koran „eine Wüste und Kloake aller Lügen und Irrtümer")، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت**( ئەگەر قورئان لەنێو مەسیحییەکان بڵاو ببێتەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوە( کتێبێکە پڕە لە درۆ و ئەفسانە..)** man den Koran bei den Christen an den Tag bringe lärmt sie sehen, welch ein Buch das sei. „voller Lugen, Fabeln und aller (heul" (خالد، 2012، ص226). هەروەها لە نامەی دژ بەتورکەکان لۆتەر دەڵێت ( محمد کەسێکی درۆزن و ئەهریمەنە، بە قورئان خەڵك دەکوژێت بیروباوەڕی مەسیحییەکان تێکدەدا، هێشتا شمشێریان لەکالان دەرنەهێناوە هێرش دەکات و بێ هیچ شتێك خەڵك دەکوژێت ، ئەوە بیروباوەڕی تورکەکانە(مەبەست لەئیسلامە)، ئامۆژگاری و کاری سەیر دەکات هەرکە گەیشت فەرمان دەکات بە کوشتن...)(هاغمن، 2004، ص134).

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین لوتەر زمانی عەرەبی نەزانیوە، زانین و شارەزابوونی قورئان لە ڕێگەی زمانی لاتینیەوە بوو، رۆژهەڵاتناسەکان قورئانیان بە شێوەیەکی ناتەواو وەرگێراوەتە سەر زمانی لاتینی(ئەوروپییەکان)، بێ ئەوەی تێبینی ئەوە بکەن قورئان بە زمانێکی ڕەوانبێژی موعجیزە نووسراوە، وەرگێر پێویستە شارەزای زانستی قورئان بێت[17]، بەباشی لە "زمانی عەرەبی و نەحو و صەرف و بەلاغە..." دا شارەزای هەبێت، چونکە زمانی عەرەبی بە (سەر)ێک یان(ژێر)ەیەک ماناکانی ئەگۆرێت دەکەوێتە هەڵەی گەورەوە، جگە لەوەی هەندێك لە ئایەتەکانی قورئان پەیوەندییان بە ژیان و مێژووی پێغەمبەر(د.خ) و ڕووداوەکانی ئیسلامەوە هەیە، دەبێت وەرگێڕ جگە لە زمان شارەزایی تەواوی مێژووی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) و فەرموودەکانی بێت، تا بتوانێت هێزی بشکێت بەسەر دەرهێنانی ماناو مەبەستەکانی قورئان، هەر بۆنمونە لە ئایەتی (ال عمران) کە خوای گەورە دەفەرمووێت ( إِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ (45)، وەرگێرانەکەی رۆبیرت کیتۆن لە وەرگێرانی(وَجِيهًا) وشەی (facies-روو) بەکارهێناوە لە کاتێکدا (وَجِيهًا) بەمانای(بەرز وهێژا)دێت نەك (روو)، هەروەها لە وەرگێرانە لاتینیەکەی نیکۆلاس ڤان کوز لە (کبریتانۆ الکوران) (وَجِيهًا ) بەمانای ( رووی هەموو خەڵك- facies omnium gentium) وەرگێراوە (هاغمن، 2004، ص63). ئەمەش وای کردووە مانا و تەواوەتی ئایەتە تێك بدات. لەراستیدا هەڵەو کەم و کوری قورئانە وەرگێردراوەکان وایکردووە مەبەست و ماناکانی قورئان لەدەست بدات، هەر ئەمەش بۆتە جێگای رەخنەی مارتن لۆسەر و بەشێك لە رۆژهەڵاتناسان، رێگری کردبوو لەوەی لۆتەر شارەزای تەواو ئیسلام و قورئان بێت.

**2- 3: ئایا مارتن لۆتەر کاریگەر ئیسلامی لەسەر بوو:**

هەرچەند ناتوانرێت نکولی لە کاریگەری ئیسلام لەسەر سەدەکانی ناوەراست و رێنیسانس بکرێت، بەڵام **تێڕوانینی راستەوخۆی لۆتەر بۆ ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نامە و ئامۆژگاریانەی کە بۆ کە بۆ میرەکانی ئەلمانیا ناردویەتی ئەویش**

[17] زانینی (زانستەکانی قورئان = علوم القران)وەک زانستی خوێندنەوەکانی قورئان یان زانستی "توحید یەکتاپەرستی" تا لە قسەکردنی لە ئەو ئایەتەدا بە هەڵەدا نەچێت کە باسی نزیکبوونەوەی عەبدو خوا ئەکات یان باسی دەست و چاو و رووی خوا دەکات گرنگترین زانستی قورئانی پیرۆز بۆ موفەسیر بریتییە لە زانینی بنەماکانی تەفسیر= اصول التفسير و زانستی (اسباب النزول) و (ناسخ و منسوخ)و مەبەستەکان و راستییەکانی ئەم زانستە.

نامەکانی *(شەڕ دژ بە تورکەکان لەساڵی 1529 نووسیویەتی، ئامۆژگاری شەڕکەرەکان دژ بە تورکەکان لە هەمان ساڵدا نووسیویەتی، نوێژ و پاڕانەوە دژ بە تورکەکان لەساڵی 1541نووسیویەتی)***(هاغمن، 2004، ص126).**

**لەو نامانەدا** لۆتەر ئیسلامی وەکو هێزێکی سیاسی و سەربازی لە ڕوانگەی دەوڵەتی عوسمانییەوە بینیوە، نەك وەك هێزێکی ئایینی یان روحانی، پێی وابوو ئیسلام ئاڵنگاری جیهانی مەسیحییەت دەکا، ئەو ناکۆکیەش زیاتر دەبێت بەهۆی ئەو متمانیەی موسلمانەکان بە محەمەد سەبارەت بە بەهاو توانا شارستانییتەکەیان کە بەردەوام لەسەرکەوتن دایە، بە بەراورد بەمەسیحەت لەناکۆکی و قەیراندان، لە نامەی دژ بە تورکەکان دەڵێت( ....تورکەکان ئەهریمەنن.....محەمەد کەسێکی درۆزنە بە قورئانەکەی دەوێت بیروباوەڕی مەسیحییەکان تێك بدات...)، مێژوونووسی ئەلمانی لودفیغ هاغمن دەڵێت(ئیسلام لە دیدی لۆتەر دەجالی کۆتایی دنیایە..)(هاغمن، 2004، ص134). پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لۆتەر بەچاوێکی دوژمنکارانەوە دەیڕوانیە ئیسلام، ئیسلامی وەکو ئایین بەهیچ شێوەك قبول نەبووە، بەڵام لەوانەیە سوودی لە تەعلیماتە دینیەکانی ئیسلام وەرگرتبێت، چونکە لە ریفۆرمەکەی چەندین خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئیسلام کۆکردۆتەوە. مێژوونووس محمد محمد صالح ئاماژە بەوە دەکات هیچ سەرچاوەیەك لەبەردەستدا نیە، باس لە کاریگەری ئیسلام بەسەر لۆتەرەوە بکات تەنها ئاماژە بەوە دەکات لە گفتوگۆی لۆتەر لەگەڵ (جۆن ئیك) باسی دەستوور و حکومەتی تورکەکانی کردووە دەڵێت( تورکەکان یاسایەکی مەدەنی یان کڵێسایان نیە، ئینجیل و تەورات دەناسن بەڵام کاری پێ ناکەن دەستووریان قورئانە حکومەتەکەشیان باشترین جکومەتە لەسەر زەوی ...)(صالح، 1981، ص185)، هەرچەند روون نیە نووسەر ئەو دەقەی لە کوێ وەرگرتووە چونکە ئەو پەراوێزەی ئاماژەی بۆ کردووە کە دەقەکەی لێوەرگرتووە هیچ دەقێکی لەو شێوە لەو کتێبەدا نیە، بەڵام (د. الانبا یوحنا قلتە) لە میانەی باسکردنی کاریگەری ئیسلام لەسەر رێنیسانس و فیکرەی رۆژئاوا ئاماژە بەوە دەکات کە لۆتەر بە فیکرەی موعتەزیلەی ئیسلام کاریگەر بووە، لۆتەر بەر لە بزووتنەوەکەی قورئانی خوێندۆتەوە و شارەزایی لەسەر ئیسلام پەیداکردووە(قلتة، 2002، ص122)، هەندێك دەڵێن لۆتەر کاریگەر بووە بە زانای لاهوتی(ولیم اوکام[18]) ئەویش یەکێك بووە لەو فەیلەسوفانەی کاریگەر بووە بە زانایانی ئیسلام لە سەدەکانی ناوەراست(خالد، 2012، ص235)، هەروەها تیودور ببلیاندر یەکێك بووە لە فەیلەسوف و رۆژهەڵاتناسانەی کە زمانی عەرەبی زانیووە و قورئانی وەرگێراوەتە سەر زمانی لاتینی و هاوڕێی نزیکی لۆتەر بوو، لەوانیە لە رێگەی ئەو لە هەندێك رووەوە کاریگەری ئیسلامی لەسەر بووبێت.

بەشێوەیەکی گشتی ناتوانرێت نکوڵی لە کاریگەری ئیسلام لەسەر لۆتەر بکرێت، چونکە لە هەندێك شوێندا بەراورد بە ئایینەکەی خۆی لایەنە باشەکانی ئیسلام دەخاتە روو دەڵێت( موسڵمانەکان شەراب ناخۆن و پێویست نەبی ناخۆن، جیاوازی لە نێوانیان کەمە...)، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت( ئەگەر بەراوردی محمد بە پاپا بکەین محمد کەسێکی زۆر پیرۆزترە...)مەبەستی ئەوەیە پێغەمبەر(د.خ) وەکو پاپا خەڵك ناچەوسێنێتەوە گەندەڵکاری ناکات پسولەی لێخۆشبوونی نیە(Мухаммад, 2012. C170). هەروەها نامەی مارتن لۆتەر بۆ ئەنجومەنی شاری( بازل ) ساڵی(1542ز) دەڵێت( محەمەدیەکان بە هێز و یەکگرتوون، ژیانێکی هەژاری دەژین لە پەرستگاکانیان ئارامی دەپارێزن ئەو رێکخستنانە لە کڵێساکانی خۆمان بەدی ناکرێت..) (Petra B. 2016, p14).

**لۆتەر ئەگەرچی دژایەتی خۆی بۆ محمد(د.خ) و قورئانی پیرۆز دەردەبڕێت، بەڵام لە زۆر بیروبۆچوون لە ئیسلام نزیکە، وەکو هاوشێوەی ئیسلام** لۆتەر پێداگیری دەکرد لەسەر بەزەیی خودا لێخۆشبوونی بەتەنها، هەروەکو چۆن لەئیسلامیشدا هاتووە (هیچ کەسێك نابێـە لێخۆشبوونی کەسێکی تر تەنها کردەوەکانی مرۆڤە دەبێتە هۆی رزگاربوونی مرۆڤ لە رۆژی دواییدا)، کە ئەو بۆچوونانەی بووە هۆی رەتکردنەوەی پسولەی لێبوردن سەر ئەنجامەکەی بووە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چاکسازی و جیابوونەی کڵێسای پرۆتێستانت. هەروەها رەتکردنەوەی(حەوت نهێنیەکە[19] Sacraments) وەکو رەتکردنەوەی رەبەنی رێگەدان بە ژنهێنانی پیاوانی ئایینی، قەدەغەکردنی کرنۆش بردن بۆ وێنە و پەیکەرەکانی ناو کڵێساکان، هەموو کڵێسایەك سەرۆکێکی تایبەتی خۆی دەبێت و تەنها ئەرکی رێنمای و ئامۆژگاریکردنی خەڵکە. هەروەها رێگەیدا هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەبێت کتێبی پیرۆز

---

[18] ولیم ئۆکام(1288-1348)، راهیبێکی ئینگلیزی بوو، وانەی لاهوتی و فەلسەفەی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەووتەوە، بەیەکێك لەگەورەترین بیرمەندانی سەدەکانی ناوەراست دادەنرێت، بۆچوونەکانی کاریگەری قولی هەبوو لەسەر سەدەکانی نوێ، بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەکانی کەوتە ناکۆکی لەگەڵ پاپا، رایکرد بۆ ئەلمانیا لە شاری مونیخ دەمینێتەوە تاوەکو کۆچی دوایی دەکات(محمد، 2003، ص13)

[19] بۆ شارەزابوون لە حەوت نهێنیەکان کە لەسەدەی دوازدە بەتەواوەتی بەرجەست بون بگەڕێوە بۆ( فیلسیان شالی، موجز تاریخ الادیان، ت :حافظ الجمالي، 1991، ص259)

بخوێنێته‌وه و ته‌فسیری بكات. ئه‌و كارانه‌ی لۆته‌ر لەگەڵ تێڕوانینی ئیسلام ده‌گونجێت، له‌وانیه له‌ژێر كاریگه‌ری ئیسلامه‌وه ئه‌و كارانه‌ی كردبێت.

**ئه‌نجام**

له‌م توێژینه‌وه‌یه گه‌یشتینه ئه‌م ئه‌نجامانه‌ی خواره‌وه

1. پەیوەندی ئیسلام و مەسیحییەت ئەگەرچی بە شەڕ و ناكۆكی دەستی پێكردوە، بەڵام هەردوولا كاریگەری گەورەیان بەسەر یەكدیەوە هەبوو، موسڵمانەكان هەر لەوكاتەی ئیسپانیا فەتح دەكەن، ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی مەسیحی رۆژئاوا لە رێگەی وەرگێراوانەوە شارەزایی لەسەر ئیسلام پەیدادەكەن، كە بەرهەمەكانیان كاریگەری قوڵی دەبێت لەسەر سەدەكانی ناوەراست.
2. لۆتەر ئیسلام وەك مەترسیی و هەرەشەیەك بۆ سەر رۆژئاوا سەیر دەكات هۆكارەكەشی زیاتر پەیوەندی بە مێژووی ململانێی نێوان ئیسلام و رۆژئاواوە هەیە لە دروایسێیەتی جوگرافییەوە بۆ جەنگی خاچ پەرستی و داگیركردنی شارە پیرۆزەكەی مەسحییەكان(ئەستەنبوڵ) و گەمارۆدانی شاری ڤێنا، توركەكان بوونەتە تاكە هێز لەو سەردەمە، متمانەیەكی نوێی بە موسڵمانەكان داوە، بە بەها و توانای شارستانییەتەكەیان بە بەراورد لەگەڵ شارستانییەتی رۆژئاوا، لە دیدی لۆتەر هەڵكشانی هێزی عوسمانییەكان كە خاوەن هێزێكی گەورەی ئابووری و سەربازییە لەسەر حیسابی رۆژئاوا بەرفروان دەبێت، رۆژئاوا بەهۆی گەندەڵیەكانی پاپا بەرەو پوكانەوە دەچێت خەریكی كێشە ناوەخۆییەكان، بۆیە پێویستە رۆژئاوا بیروباوەڕەكانی خۆی بەهێز بكاتەوە لە رێگەی گەڕانەوە بۆ مەسیحییەتی راستەقینە، چونكە لۆتەر دەیزانی ئایین جیاوازییەكان توندتر دەكات بە بەروارد بە ناكۆكییە سیاسی و ئابوورییەكان، لۆتەر ترسی هەبوو لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەناو گەلانی جێرمانی ئەو ترسەشی نەشاردۆتەوە بەئاشكرا دەڵێت پێویستە خەڵكی ئەلمانیا كتێبەكەی محەمەد(د.خ) بخوێنەوە شارەزای بیروباوەڕی توركەكان بن، لەو رێگەیەوە دەتوانن شارەزای دوژمنەكەیان بن، ئەو كتێبەی لۆتەر باسی دەكات هەڵەو كەم و كوڕی زۆری تێدابوو لە وەرگێرانە لاتینیەكەی كە مانای ئایاتەكانی بەتەواوی نە پێكا بوو.
3. -لۆتەر هەرچەند ئیسلامی بە ئافتێك داناوە بەڵام ئەو ڕاستەوخۆ ئیسلامی لەكاتی ئاشتی پێنەگەیشتووە ئەو زیاتر ئیسلامی لە ڕوانگەی توركەكانەوە بینیوە كە لەو كاتەی توركەكان هێرشیان كردۆتە سەر مەجەر و رۆدس و پاشان ئابلوقەدانی ڤێنا، هەر ئەوەش وایكردووە ترسی لە ئیسلام هەبێت بە هێزێكی ئەهریمەنی وەسف بكات، چونكە ئەو پێی وایە جیهانی مەسیحییەت بەهۆی خراپەكاریەكانی پاپاوە تووشی هێرشی توركەكان بووتەوە.
4. لۆتەر هیچ كاتێك لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگدا نەبوو بەناوی ئایینەوە دژی زیندووكردنەوەی بیرۆكەی شەڕی خاچپەرستی بوو، چونكە ئەو پێیوابوو مرۆڤ دەبێت خۆی داوای لێخۆشبوون لە خودا بكات و گوناهەكانی پاك بكاتەوە لە رێگەی گەڕانەوە بۆ مەسیحییەتی ڕاستەقینە، نەك لە رێگای شەڕی خاچپەرستیەوە كڵێسا بانگەشەی بۆ دەكات.
5. لۆتەر ئەگەرچی قورئانی خوێندۆتەوە لە رێگەی وەرگێردراوە لاتینی و ئەلمانیەكان، بەڵام وەرگێرانی قورئان كارێكی ئاسان نیە، چونكە بەلای موسڵمانەكان قورئان موعجزیە لە زمانی رەسەنەكەی خۆی ناتوانرێت نە وشەیەكی لێ زیادبكرێت نە كەم بكرێت، ئەو كەسەشی وەریدەگێرێت دەبێت شارەزای تەواوی یاسا و رێساكانی زمانی عەرەبی بێت، وەرگێردراوە لاتینیەكان ناروون و كرچوكاڵ بوونە، نەیانتوانیوە مانا و مەبەستەكانی قورئان بە تەواوی روون بكەنەوە موعجیزەكانی دەربخەن، چونكە زمانی عەرەبی زمانێكی دەوڵەمەندە و ڕەوانبێژی زۆری تێدایە هەر ئەمەش وایكردووە لۆتەر بە كتێبێكی ئەفسانەی دابنێت.

**لیستی سه‌رچاوه‌كان**


- Adam S. Francisco, Martin luther and islam a study in sixteenth-century polemics and apologetics, leiden , boston, 2007.
- Andreas Pangritz, Martin luthers stellung zu juden und muslimen, 2017.
- David D. Grafton, Martin Luther's sources on the turk and islam in the midst of the fear of ottoman imperialism, 2017.
- Klaus kienzler ,gerda riedl ,markus schiefer ferrari, Islam und christentum: religion im gesprch, llt verlag munster - hamburg – berlin, 2011.

- Marcus Meer, Martin Luther zum islam, ein fr hneuzeitlicher beitrag zur toleranzdiskussion der gegenwart,. Mai, 2013.
- Matti Moosa, Extremist Shiites: The Ghulat Sects, Syracuse University Press; 1st edition , 1988.
- Marcus Volmarius, Luther_tuerken.php- deckel des werkes 'heerpredigt d. Martin luthers wider den trken' von martin luther, marcus volmarius, 1593, deutsche digitale bibliothek, 1990
- **O. R. Elton**, the new cambridge modern history, **volume ii second edition the reformation 1520-1559, cambridge. University press,1975**.
- **Roland H. Bainton, Here i stand: a life of Martin Luther. Abingdon press, new york, nashville 1980**.
- **Schweizer, Gerhard: islam und abendland - ein dauerkonflikt, stuttgart, 1995**.
- Werner höbsch , Reformation und Islamein impulspapier der konferenz für islamfragen der evangelischen kirche in deutschland (ekd) .
- Б. Д. Порозовская. Мартин Лютер. Его жизнь и реформаторская деятельность, Москва, 2015.
- Генрих фаусель, Мартин Лютер. Жизнь и дело. Харьков, т.2, 1996.
- Ихсаноглу Экмеледдин…дри, История османского государства, общества и цивилизации. Том I- II, Масква , 2006.
- Л. С. Никифорова, С. Немцева, историянемецкой реформации: время, люди, события, москваиздательство пстгу, Москва, 2015.
- Мережковский Д.С, реформаторы. Лютер, кальвин, паскаль, томск, 1999.
- Савинов Р.В. К 500-летнему юбилею реформации мартина лютера [рец. На:] лютер, Москва, 2018.
- Мухаммад, Нахро и. Начало реформации в германии религиозные вазгляды м. Лютер, Москва, 2011.
- Charles Burnett, 'Ketton, Robert of (fl. 1141–1157)',Oxford Dictionary of National Biography, Oxford University Press, 2004.
- Шимов Я. Австро-Венгерская империя, Москва, 2003.

- بدوی، عبدالرحمن، موسوعة المستشرقین، دارالعلم لملايين، بیروت، الطبعة الثالثة، 1993.
- خالد، محمد ابو خطب، مارتن لوثر والاسلام، الطبعة الاولى، القاهرة، 2012.
- شالی، فیلسیان ، موجز تاريخ الاديان، **ت :**حافظ الجمالي، دیمشق، 1991.
- الشهرستاني، أبي الفتح محمد بن عبدالكريم بن أبي بكر أحمد، الملل والنّحل - ج ١، الطبعة4، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع بيروت- لبنان، بدون سنة.
- صالح، محمد محمد، تاريخ اوربا من عصر النهضة حتى الثوره الفرنسية(1500-1789)، دارالجاحظ، بغداد، 1981.
- طقوش، محمد سهيل، تاريخ العثمانيين من قيام الدولة إلى الانقلاب على الخلافة، الطبعة الثالثة - سنة 1434 هـ - ، دار النفائس. 2013.
- العرينی، السید الباز، التاريخ اوروبا فی العصور الوسطی، دون الطبع، دارالنهضة العربية، بیروت، 1968.
- عمران، محمود سعيد، تاريخ الحروب الصليبية 1095 – 1291، دار المعرفة الجامعية – مصر، 200.
- محمد، حماده أحمد علي، مفهوم المعنى الكلي بين أفلاطون وأرسطو وأثره على وليام الأوكامي، رسالة الماجستير جامعة المنيا - كلية الآداب. - الفلسفة، تاريخ النشر2003.
- محمد، نهرۆ ئیسماعیل محمد، مێژووی کۆنی شارستانییەتی یۆنان و ڕۆمان، بەرگی دووەم، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تفسیر، 2020.
- هاغمن، لودفيغ، مسيحية ضد الإسلام (حوار انتهى إلى الإخفاق)، **ت :** محمد جديد، الطبعة الاولى، قدمس للنشر والتوزيع، 2004.

گۆڤارەکان

- Ahmad Von Denffer, History of the Translation of the Meanings of the Qur'an in Germany up to the Year 2000 A Bibliographic Survey, مجلة البحوث والدراسات القرانية، عدد الثالث، السنة الثانية.

- Von Athina Lexutt, Luther und der Islam(beten und büßen statt reden und kämpfen) Spiegel der Forschung · Nr. 2/2011.
- Ykselgürsoy, S. Martin Luther über die Türken, XX.Internatıonale Tagung Kronstadter Germanistik,30.März-01.April, 2017.
- Balserak, J. The Renaissance impulses that drove TheodoreBibliander to Publish Machumetis Saracenorum. Muslim World,107(4), (2017),. https://doi.org/10.1111/muwo.12216
- توفيق سلطان اليوزبكى، الحضارة الاسلامية فى الاندلس و اثرها فى اوروبا، ثقفتنا للدراسات **والبحوث، المجلد5، عددالعشرون، 2010.**
- **رهبان، عبدالرؤوف، التاريخ والجغرافية والاثار، المجلد الواحيد والعشرون، جزء: هنغاريا. بدون سنة.**

**سایتەكان**

- Luthers Auseinandersetzung mit dem Islam https://www.sonntagsblatt.de/sites/default/files/media/dokument/2018-pdf 06/Reformationsserie_5_A5_3-Seitig_farbig.pdf,p3
- Luthers Auseinandersetzung mit dem Islam https://www.sonntagsblatt.de/sites/default/files/media/dokument/2018-pdf 06/Reformationsserie_5_A5_3-Seitig_farbig.pdf,p3
- Luthers Auseinandersetzung mit dem Islam https://www.sonntagsblatt.de/sites/default/files/media/dokument/2018-06/Reformationsserie_5_A5_3-Seitig_farbig.pdf,p1.
- Bischöfin Petra Bosse-Huber , Reformation und Islam, Ein Impulspapier der Konferenz für Islamfragen der Evangelischen Kirche in Deutschland (EKD). Juni 2016.
- https://www.etf.uni-bonn.de/de/ev-theol/einrichtungen/systematische-theologie/personen/prof.-dr.-phil.-a.-pangritz-1/texte-zum-download/martin-luthers-stellung-zu-juden-und-muslimen
- http://baptistkiev.narod.ru/luter.htm
- https://onlinelibrary.wiley.com/doi/epdf/10.1111/muwo.12215
- https://www.ekd.de/reformation_und_islam.htm// Bischöfin petra bosse-huber leiterin reformation und islam ein impulspapier der konferenz für islamfragen der evangelischen kirche in deutschland (ekd) .
- http://arab-ency.com.sy/detail/11082
  https://www.alukah.net/culture/0/19918/
- أحمد محمود التلاوي: "القدس الموقع والتاريخ، الجغرافيا الطبيعية لمدينة القدس"، مقال منشور في موقع: (القدس أون لاين.) رابط الموضوع: http://www.alukah.net/culture/0/19918/#ixzz6sKE11dMg
- https://web.stanford.edu/~jsabol/certainty/readings/Luther-ChristianNobility.pdf

**صدام الاسلام و المسيحة فى فكر مارتن لوثر فى العصر(XVI)**

**ملخص**

ان صدام الاديان و منطق ادارة الصراعات و الحروب كان فى الغالب المنطق السائد فى العالم الغربى ضمن اتجاهاتهم الفكرية و الدينية على مر العصور، منطق على أسسه كانوا يقدمون تقيمهم للنزاعات و الحروب، وكان صدام الاديان تأتى على خلفية الصراعات الاقتصادية للامم، يرى مارتن لوثر ان الحضارة الاسلامية تشكل تحديا جدياً للعالم المسيحى لاسباب تتعلق بالخلافات الجوهرية من نواحى اللغة و الثقافة و الدين، وقد ظهرت ذلك التحدى فى الوقت الذى أراد لوثر ان يطهر العالم المسيحى من كل الشوائب و الافكار التى لا تتناسب و مسيرته الاصلاحية، رغم أنه استطاع ان يخلق تغيرا جذريا و شموليا فى الديانة المسيحية فى اسسها و طقوسها السائدة من خلال طروحاته و أفكاره الجديدة التى اختلفت عن سابقه لكنه لم يبتعد عن معاداة الاديان الاخرى اليهودية و الاسلام، وفى خضم اصلاحاته الدينية انجلى الاتراك كقوة اسلامية جديدة فى القرن السادس عشر و اصبحوا خطرا على الغرب و على اصلاحات لوثر الدينية، مما انعكس انعكاسا تاما على أعماله و مواقفه، حيث نظر الى الاسلام نظرة سلبية و وصفه بانه الخصم الهادم للغرب و العالم المسيحى لان الاسلام يجعل من الدين الهوية بدل الامة و يزيد الخلافات.

كما ان علاقات العالم الاسلامى المتاخم لحدود العالم الغربى برا و بحرا بمحاذاة البحر الابيض المتوسط و لعصور عدة كانت تسوده النزاعات و الحروب، كالحروب الصليبية و وحروب المغرب و والاندلس الى حين ظهور الاتراك العثمانيين و توسعهم نحو الغرب. ومن هذا المنطلق حاول لوثر ان يفسر و يوضح العقيدة الدينية للاتراك، كى ينبه الالمان و العالم المسيحى من مخاطر تلك العقيدة التى تسمى (المحمدية).

كلمة الادلة(لوتر، الاسلام، المسيحى، الحرب، الدين، الخلافات)

**The clash of Islam and Christianity in the thought of Martin Luther in the age(XVI)**

**Nahro Ismael Muhammad**
Department of History – College of Arts / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

The clash of religions and the logic of managing conflicts and wars was mostly the logic prevalent in the Western world within their ideological and religious trends throughout the ages. Logic on its foundations they used to present their assessment of conflicts and wars. Also, the clash of religions came against the background of the economic struggles of the nations. Martin Luther believes that Islamic civilization poses a new challenge to the Christian world. For reasons related to the fundamental differences in terms of language, culture and religion. This challenge appeared at a time when Luther wanted to cleanse the Christian world of all impurities and ideas that are not compatible with his reform path, although he was able to create change. Radically and comprehensively in the Christian religion, in its foundations and prevailing rituals, through his new propositions and ideas, which differed from his predecessors, but he did not deviate from hostility to other religions, Judaism and Islam. And on Luther's religious reforms, which fully reflected on his actions and positions, as he viewed Islam in a negative light and described it as the destructive opponent of the West and the Christian world because Islam makes the identity religion the nation allowance and increases the differences. Likewise, the relations of the Islamic world adjacent to the borders of the Western world by land and sea along the Mediterranean Sea and for several eras were dominated by conflicts and wars, such as the Crusades and the wars of Morocco and Andalusia until the emergence of the Ottoman Turks and their expansion towards the West. From this standpoint, Luther tried to explain and clarify the religious belief of the Turks, so that the Germans and the Christian world would be warned of the dangers of that doctrine called (Muhammadiyah).

**Keywords:** Luther, Islam, Quran, Christian, religion, War. Differenc.